رێککەوتنی پارتی لەگەڵ بەرەی تورکمانی هەڕاجکردنی کەرکووکە کە خۆیان پێی دەڵێن دڵی کوردستان

سەعدی ئەحمەد پیرە، وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی میدیایی راگەیاند، رێککەوتنی پارتی و بەرەی تورکمانی لە کەرکووک سەرناگرێت.

وتەبێژی یەکێتیی ئاماژەی بەوەشکرد، رێککەوتنی پارتی و بەرەی تورکمانی بۆ ئەوەی ساڵێک پارێزگاری کەرکووک لای کورد بێت و ساڵێکی تر بۆ تورکمان و ساڵێک بۆ عەرەب ئەوە پچڕپچڕکردنی کەرکووکە.

وتیشی: "رێککەوتنی پارتی لەگەڵ بەرەی تورکمانی هەڕاجکردنی کەرکووکە کە خۆیان پێی دەڵێن دڵی کوردستان".

سەعدی پیرە جەختیشی کردەوە کە یەکێتیی بە دەنگی خەڵکی کەرکووک زۆرینەی کورسییەکانی بەدەستهێناوە و پارتی و بەرەی تورکمانی ناتوانن پەراوێزی بخەن و لە ماف و بەرکەوتەی خۆی خۆشنابێت.

ئەو لێدوانەی سەعدی ئەحمەد پیرە دوای ئەوە دێن کە ئەرشەد ساڵحی، سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد کە بەرەی تورکمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان

ر□کک□وتون و ئ□ستا خاو□نی چوار کورسی ئ□نجووم□نی پار□زگای ک□رکووکن و چاو□□وانی لای□ن□
ع□ر□بیی□کان د□ک□ن ب□ پ□که□نانی حکوم□تی خ□ج□ی ل□و پار□زگای□.